# بەبەڵگە.... پەرلەمانتارێکی کورد داوای قەرزێک لە سودانی دەکات بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم



ئەندامێکی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رایدەگەیەنێت، بە نووسراوێکی رەسمی داوامان لە سەرۆك وەزیرانی عێراق کردووە کە بڕی 700 ملیار دینار بۆ مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم بنێرێت تا ئەو کاتەی یاسای بودجە هەمواردەکرێتەوە و کێشەی مووچە چارەسەردەکرێت.

د. جەمال کۆچەر، ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رایگەیاند، بە نووسراوێکی رەسمی داوامان لە محەمەد شیاع سودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق و ئەنجومەنی وەزیران کرد کە 700 ملیار دینار بۆ مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم بنێرن تا ئەو کاتەی کێشەی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم چارەسەردەکرێت و یاسای بودجە هەمواردەکرێتەوە.